## زمانەوانی سیاسی Political Linguistics :

## بەشی یەکەم: زمانی سیاسەت و گەیاندنی سیاسی:

### ١-پێناسەی سیاسەت:

زاراوەی سیاسەت بۆ وشەی (Politics) دەگەڕێتەوە و لە وشەی (Polis) داتاشراوە، کە بە (شاری دەوڵەت City-state ) دەگوترا، دواتر ئەم وشەیە پەرەی سەند و بوو بە زاراوەیەك بۆ هونەری کارگێڕی و حوکمکردنی دەوڵەت چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوە، سیاسەت لقێکە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و گرنگییەکی زۆری هەیە لە دابینکردنی جێگیری ئاسایش و گەشەی گەل و کۆنترۆلکردنی کۆمەڵگا، رێکخستنی ئابووری...هتد. بۆیە دەتوانین بڵێین گرنگترین زانستی کۆمەڵایەتییە، پێناسەی جۆراو جۆر بۆ سیاسەتکراوە، گرنگترینیان:

-هونەری پیادەکردنی سەرکردە و دەسەڵاتە، لەگەڵ شێوەکانی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و جەماوەرە.

-سیاسەت چالاکییەکە، کە ژیانی گشتی رێکدەخات و ئاسایشیان بۆ دابین دەکات لەگەڵ هاوسەنگ راگرتنی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵ.

-بریتییە لەو ئەرکەی دەدرێت بۆ هاتنەکایەی سیستەم و یەکسانی و خستنەسەری بەرژەوەندی گشتی لەسەر بەرژەوەندی تایبەت.

### ٢-گەیاندنی سیاسی:

هەموو بەکارهێنانەکانی زمان بە مەبەستی ئاخاوتن بە توانست پێناسەی دەکەن وە یا بە گوتار وەیا بە جۆرێك لە رەفتاری زمانی دادەنێن، لە هەموو بارەکاندا ئامانجی زمان بۆ گەیاندنە لە نێوان بەرهەمهێنەرو جەماوەری ئاخاوتن، جا چ قسە بێت یان نووسراو بێت، گەیاندن لەسەر چەند بنەمایەك بەندە:

## أ-بکەری سیاسی:

ئەو سیاسییانەی کە گوتار و لێدوان دەدەن، دەبێت خاوەن بەهرە و توانابن توانای ئەوەیان هەبێت رووداو دروست بکەن و وێنەی سیاسەت بکێشن… هتد بکەری سیاسی کاریگەری زۆری لەسەر رای گشتی هەیە و خاڵی دەسپێکردنی گەیاندن و پەیوەندییە، بکەری سیاسی ، ئەو کەسەیە، کە گوتاری سیاسی ئاراستە دەکات بۆ کەسێك یان زیاتر، لە ژیانی رۆژانەماندا دەبینین بکەری سیاسی دەتوانرێت مامۆستایەك یان راهێنەرێك یان وانەبێژێك یان پزیشکێك…هتد بێت، یان هەرکەسێکی تربێت بە مەرجێك خاوەن زانیاری بێت و بیەوێت بیگەیەنێت بۆ کەسانێك کە پێویستیان بە زانیارییەتی، بکەری سیاسی بە درێژای گەیاندن هەر بکەری سیاسی نابێت، چونکە گەیاندن پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕە، بۆ ئەوەی بکەری سیاسی پەیوەندییەکی کاریگەر دروست بکات دەبێت ئامانجی بە روونی بخاتەروو، لە هەمان کاتدا بڕوای بە خۆی بێت کە ئەو گوتارە سیاسییەی کە دەیگەیەنێت سوودمەندە بۆ جەماوەر.

پێش گەیاندن سەرەتا پێویستە ئامانج دیاری بکات و بزانێ بۆ چ مەبەستێك قسە دەکات، بە واتایەکی تر دەبێت لەخۆی بپرسێت بۆ ئەو پەیوەندییە ئەنجام دەدات؟ تا دواتر بزانێت لەم پەیوەندییەدا بە ئامانج گەیشتووە یان نا؟ یان بۆ نەیتوانیوە بە ئامانج بگات؟ سەرەڕای ئەمە ئەو کاریگەرییەی کە گوتاری سیاسی لەکاتی گەیاندندا دەیکاتە سەر  جەماوەر و لە لایەن بکەری سیاسییەوە پێویستە تێبینی بکرێت، ئایا گوتاری سیاسیەکەی کاریگەر بووە یان نا؟ چونکە گوتاری سیاسی سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر گۆڕان لە رەفتار یا هەڵسوکەوتی بەرامبەر نەکات، یان شتێکی زیادە نەخاتە سەر زانیاری جەماوەر. دواتر لەسەریەتی فیدباك بۆ پەیامەکەی بکات واتە رەنگدانەوەی کاردانەوەی جەماوەر بە پۆزەتیف و نێگەتیف دەستنیشانبکرێت، فیدباك بریتییە لە گەڕاندنەوەی گوتاری سیاسی لە جەماوەرەوە بۆ بکەری سیاسی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گوتاری سیاسی توانیویەتی و تێبینییەکانی خۆی دەربارەی پێداویستی جەماوەر دەردەبڕێت و رازی بکات یان ….هتد خێرایی گەڕاندنەوە بەندە بە توانای تێگەیشتنەوە، بۆیە ئەگەر هەستت بە بوونی گرفتێك کرد لە تێگەیشتنی

گوتاری سیاسیەکەت، لە لایەن جەماوەرەوە، ئەوکاتە دەتوانێت بە جۆرێکی تر مەبەستەکەی دەرببڕێت و گرفتەکە نەهێڵێت. هەروەك دەبینین زۆر بە خراپی لێکدەدرێتەوە یان دەخرێتە چوارچێوەیەکی ترو ئەوکاتیش لە دەسەڵاتی بکەری سیاسی دەرچووە و روونکردنەوە و پاساوهێنانەوەش داد نادات.

## ب- گوتاری سیاسی

بیرۆکە لە رێگای بە هێماکردن دەبێتە گوتاری سیاسی، کە بیرۆکە  دەیگەیەنێتە جەماوەر، بۆیە پێویستە گوتاری سیاسی بکەری سادە و رەوانبێت و دوورکەوێتەوە لەو وشانەی کە هەڵگری زیاتر لەواتایەکن، بەپێی پێویستی جەماوەر زانیاری بدەین و جەماوەر بخوێنینەوە بە باشی، تاکو تووشی گرفت نەبین، بە پێی تواناش دوورکەوینەوە لە وروژاندنی بەرامبەر.

بابەتێکە واتا و بیرۆکەی هەڵگرتووە و بکەری سیاسی دەیەوێت بیگەیەنێتە جەماوەر لە رێگای کۆدە زمانییەکانەوە جا دەنگی بێت، یان جەستەیی، یان هەردووکی بە یەکەوە. گوتاری سیاسی کردەیەکی عەقڵییە، کە ئاراستەی لایەنەکەی تر دەکرێت و گوزارشت لە بیروبۆچوون و هەست و سۆزی بکەری سیاسی دەکات، گوتاری سیاسی تەوەرەی کردەی گەیاندنە و لە پێناو گەیاندنی ئەو گوتارە سیاسییە گەیاندن دێتە ئاراوە، گوتاری سیاسی دەشێت زانیاری بێت دەربارەی بوارێکی دیاریکراو یان شارەزایی بێت لە کارێك، گوتاری سیاسی دەبێتە دوو جۆر:

-گوتاری سیاسی دەربڕین: دەربڕینە زمانییەکان دەگرێتەوە لە وشە و رستە.

-وتاری سیاسی جەستەیی: دەربڕینە جەستەییەکان دەگرێتەوە وەك جوڵانەوەکانی جەستە و باری دەم وچاو و جل و بەرگ و کەلوپەل...هتد.

گوتاری سیاسی بۆ ئەوەی کاریگەربێت دەبێت روون و ورد و کورت بێت، چونکە گوتاری سیاسی درێژ و نارێك بە باشی ناگاتە جەماوەر یا بە خراپی دەگاتە جەماوەر و لەوانەشە جەماوەر لێکدانەوەی هەڵەی بۆ بکات. هەروەها گوتاری سیاسی لە دەوروبەرێکی گونجاودا پێشکەشبکرێت و بابەتەکانی بە لۆجیکی بخرێتەڕوو و کات بەفیرۆ نەدرێت و سوود لە کات

وەربگیرێت. دوای ئامادەکردنی گوتاری سیاسی، کەناڵ گوتاری سیاسیەکە دەگوازێتەوە بۆ جەماوەر جا کەناڵەکە هەر جۆرێك بێت، زارەکی، نووسراوی و ئەلەکترۆنی، رادیۆ، تەلەفزیۆن، مۆبایل و ...هتد.

سەرکەوتنی گواستنەوەی گوتاری سیاسی بەندە بە گونجاوی هەڵبژاردنی جۆری کەناڵ. گوتاری سیاسی زیاتر لە رێگەی هۆیەکانی راگەیاندن بڵاودەبێتەوە، هەندێکیان لە رێگەی تۆماری ڤیدیۆیی یان تۆماری دەنگی، بەکارهێنانی راگەیاندنیش بۆ ئەوەیە کە گوتاری سیاسی بگاتە ملیۆنەها کەس لە دۆست و لایەنگر و جەماوەر. ئەمەش دەبێتە مایەی گفتوگۆ و قسە لەسەرکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم گەیاندنانەی زانیارییانە کاریگەری زۆر دەکاتە سەر زۆربەی چینەکانی کۆمەڵ. لە کۆتاییدا رایەکی گشتی دروست دەکات و رەوایی دەداتە کاری سیاسی بۆ زۆر مەسەلە کە پێویستی بەڕای گەل هەیە وەك: هەڵگیرساندنی شە ڕو بەخشین بۆ مەسەلەیەك، چونکە ئەم مەسەلانە سەرکەوتن بەدەست ناهێنن ئەگەر رای گشتی گەل و جەماوەری لەگەڵدا نەبێت. ئەم کۆکردنەوەی جەماوەر و دروستکردنەش لە رێگای زمانی سیاسیەوە دەبێت.

گریبەر دەڵێت گوتاری سیاسی گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە هەڵسوکەوت لەگەل کێشە گەورەکانی ژیانی گشتی دەکات، سەرەتا وەسفی دەکات دواتر لە رێگای وێنەی وشەیی وێنەی دەکێشێت، کە سەرچاوەی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە واقیعی سیاسی و بنچینەیی کاری فەرمییە یان کارنەکردن و بنچینەی هەستی گەل بە گەشبینی و رەشبینی و رازیبوون و بێزاری لەکاری رۆژانەیاندایە.

زۆرجار دەگوترێت کە راستی بیرۆکەکان بەهێزترە لە وشەی دەربڕاو، بۆیە پێویستە زمانی گوتار بە شێوەیەك دابڕێژرێت تاکو راستی و بیرۆکەکان بگەیەنێتە جەماوەر.

ناوەڕۆکی گوتاری سیاسی هەڵسوکەوت لەگەڵ مەسەلەکانی گەل و گرنگی پێدانییەکانیان دەکات، جا لە بابەتی کەم نرخەوە دەست پێدەکات وەك رەنگی تابلۆی ئۆتۆمبێل تا دەگاتە بابەتی گەورە وەك نرخی نەوت و مەسەلەی شەڕ و ئاشتی...هتد. لێرەدا ئامانج جەماوەرە

دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە پشتگیری گەل بۆ خۆی دابین بکات. ناوەڕۆکی گوتاری سیاسی بە پێی بۆچوونی گریبەر دەبێت ئەم تایبەتیانەی خوارەوەی هەبێت:

-وردبوونەوە و ساغکردنەوەی بابەتی باسکراو و دەشبێت، سیاسی شارەزایی تەواوی دەربارەی بابەتەکەی هەبێت.

-وردێتی ڕوونی لە دەرخستنی بابەت لەگەڵ ریزکردنی بیرۆکە و دورکەوتنەوە لە لێڵی دەربڕین.

-پشتبەستن بە بەڵگەی دروست و رازیکەر وەك بەکارهێنانی ژمارە و ئامار نەك پشت بەستن بە مەزەندەکردن.

-دەرهێنانی ئەنجام بە شێوەیەکی دروست و بابەتی بێت دووربێت لە ویست و ئارەزوو و بەرژەوەندی تایبەت.

-زۆر گرنگی نەدان بە شێوە و بەکارنەهێنانەکانی زۆری وشەی هاوواتا.

-دەستەواژەکان دەبێت کورتبن و درێژنەبن و وشەی کاریگەربن و بیرۆکەکان دژبەیەکتر نەبن.

## ج-دەوروبەری سیاسی:

سیاسییەکان پشت بە دەوروبەر دەبەستن بۆ مەرامەکانی رازیکردن و خۆ دەربازکردن، هەڵدەستن بە دروستکردنی دەوروبەرێك. لێرەدا هەڵخەڵەتاندن دەستپێدەکات، ئەگەر هەڵخەڵەتاندن ببەستینەوە بە بواری سیاسی ئەوا ئەم هەڵخەڵەتاندنە ئەرکی هێنان و بردن و مناوەرەکردن دەبینێت و دەبێتە هۆکارێك بۆ بەرهەمهێنانی هەندێ ستراتیجییەتی ئاخاوتن و بە ئاراستەیەکدا دەڕوات، کە لە مەرجەکانی پراگماتیك و پێوەرە رەوشتییەکان لابدات، بەمەش دەتوانین ناوی بنێین هەڵخەڵەتاندنی سیاسی، هەڵخەڵەتاندن شوێنێکی جۆریی هەیە لە پیادەکردنی سیاسەتدا و زۆر شێوەی پراگماتیکی وەردەگرێت کە لە نێوان شۆڕبوونەوە بۆ ناو ناخی زمان و بزربوونی لە شێوەکانی گەیاندن دایە، جارێکیان

هەڵخەڵەتاندنی سیاسی سەرهەڵدەدات بە مەبەستی هەڵاتن لە بەرپرسیارییەتی سیاسی بەرامبەر بە مەسەلەیەکی ئاڵۆز یان لە ئەنجامی پەلەکردنێکی سیاسیەك و دواتر پەشیمانبوونەوەی، هەندێ جار بە شێوەیەکی کاتی و پلیکانەیی لە رێگای هەڵچوونی سیاسی زمانی دەردەکەوێت، ئەمەش دوای قۆناغێکی درەنگ دێت، کە بکەری سیاسی نەتوانێت پارێزگاری لە گونجان و رێکی زمانەکە و پتەوی هەڵوێستەکەی لە گوتار بپارێزێت، سەرهەڵدان و نەدانی هەڵخەڵەتاندن لەم بارەدا بەندە بە توانای بکەری سیاسی لە بەکارهێنانی زمانی هەڵخەڵەتاندن و تەکنیکی دەربڕین و هێنان و بردن بۆ پەڕینەوە لەم بارە بە شارەزایی هەڵخەڵەتاندن، جا هەرچەندە شارەزایی سیاسی زۆربێت ئەوا هەڵخەڵەتاندنی سیاسی شاراوە و رانەگەیەنراو دەبێت لەسەر ئاستی هەڵوێست و گوتار، هەرچەندە شارەزایی کەم بێت، ئەوا هەڵخەڵەتاندنەکان دەردەکەون و رێگایەك نادۆزرێتەوە بۆ پۆشینی هەڵخەڵەتاندنەکە لە گەیاندنی سیاسیدا، هێزی و بێهێزی ئەم شارەزاییە بەندە بە توانای بکەری سیاسی لە ئاوێتەبوونی لەگەڵ بارودۆخ و ئەو گۆڕانکارییانەی کە روودەدەن لە گۆڕەپانێکی سیاسی دیاریکراو، ئەمەش وادەکات هەڵخەڵەتاندن ببەسترێتەوە بە دەوروبەری سیاسی و ئاماژە گوتاری و گەیاندنەکانی.

تیۆرەکانی گوتاری سیاسی بە شێوەیەکی گشتی وەسفی و شیکارین و وادەخوازێت بگەڕێنرێتەوە بۆ دەوروبەر، کە دابینی چارەسەری گشتی و تەواوی گشت کارلێکردنە کۆمەڵایەتییەکان و گەیاندنی سیاسی دەکات، بۆ دۆزینەوەی دەوروبەری سیاسی، پێویست بەوە دەکات درك بە پاشخانە شاراوەکان بکەین کە لە پشتییەوە دەوەستێت. بێگومان دەوروبەر کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی گوتار چونکە دەوروبەر چوارچێوەیەکە بۆ لێکدانەوەی گوتاری سیاسی، لەسەر ئاستی بۆچوون دەوروبەرەکان بە پێی بۆچوون لەسەر شێوەی بارە کۆمەڵایەتییەکان داناڕێژرێت، بەڵکو لەسەر شێوەی دیاریکردنە خودییەکان و تێڕوانینی هاوبەشەکان دادەڕێژرێت بە پێی گونجانی باری کۆمەڵایەتی، بەم پێیە دەوروبەر نموونەیەکی هۆشەکییە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر چاودێریکردنی گوتار لە رووی بەرهەمهێنان و گەیاندن هەیە.

**د-جەماوەر:**

ئەو کەسەیە کە گوتاری سیاسی ئاراستە دەکرێت و وەری دەگرێت لە رێگای هەر پێنج هەستەکانەوە، کە ئەوانیش بریتین لە: (بیستن و بینین و بۆنکردن و بەرکەوتن و تامکردن)، دواتر جەماوەر کۆدی هێماکان دەکاتەوە و هەوڵدەدات درك بە واتاکان بکات، پاشان جەماوەر بۆی هەیە ببێتە بکەری سیاسی، گەیاندن سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەر جەماوەر لە گوتاری سیاسی بکەری سیاسی بگات. کردنەوەی کۆد کردەیەکە جەماوەر پێی هەڵدەستێت و شیکردنەوە و لێکدانەوەی گوتاری سیاسی بکەری سیاسیە، ئەمەش دەوەستێتە سەر توانای جەماوەر بۆ کردنەوەی کۆدەکان و تێگەیشتن لە گوتاری سیاسی دەربڕاو. کردنەوەی کۆد شارەزایی دەوێت، بۆیە دەبێ کاتی تەواومان هەبێت بۆ کردنەوەی کۆد، یا گوێگرتن و گرینگیپێدان، دەشتوانێت بکەری سیاسی زانیاری زیاتر بدات بۆ کردنەوەی کۆد. جەماوەری گوێگر چوار جۆرن:

**أ-گوێگری باش:**

ئەم گوێگرە لەگەڵ قسەکەر هاوڕا و هاوبیرن، بۆیە رازیکردنی زۆر قسەی ناوێت و کاتی زۆر ناخەیەنێت، قسەکەر ئەم هەنگاوانە دەگرێتەبەر بۆ کاریگەری زیاتر:

-زانیاری دنیایی بەکاربێنێت و نموونە و روونکردنەوە بدات.

-ئەفراندنی کەشوهەوایەکی نوێ و زانیاری نوێ بەکاربێنێت، یان زانیارییە کۆنەکان بە شێوازێکی تر دەربڕێت، یان زانیاری زیاتر بخاتەسەری.

-شتی بینراو بەکاربێنێت و وا لە گوێگرەکانی تر بکات، کە بەشداری ئاخاوتنەکەی بکەن و وا بکات ئاخاوتنەکە بخاتە کەش و هەوایەکی خۆش و گونجاوەوە.

**ب-گوێگری بێلایەن:**

قسەکەر کە قسە لەگەڵ ئەم جۆرە گوێگرە دەکات، وەك شانۆگەری بابەتەکەی پێشکەش نەکات، بەڵکو بە شێوەیەکی لۆجیکی بابەتەکەی بخاتەڕوو:

-بۆچوونەکانی بە بەڵگە بسەلمێنێت.

-بۆ بەرامبەر روون بکاتەوە چۆن راستی قسەکەی دەسەلمێندرێت و روونیبکاتەوە چۆن گەیشتۆتە ئەم بۆچوونە.

-هیچ زانیارییەکی گرنگ پشتگوێ نەخات و کاتێك بڕەخسێنێت بۆ پرسیارکردنی بەرامبەر.

**ج-گوێگری ناتەبا :**

نابێت قسەکەر رقی هەڵگرتبێت لە بەرامبەر و بۆچوونەکانی پێشووتر کاریگەری لەسەر مابێت. بە پێچەوانەوە پێویستە زۆر دیبلۆماسیانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکات و ئەم هەنگاوانە بنێت:

-هەڵوێست و باری بەرامبەر دەربارەی مەسەلەکە دیاری بکات.

-واز لەو خاڵانە بێنێت، کە بەرامبەر بێزاردەکات و دەی وروژێنێت.

-خۆی وانیشان بدات رێزی لێدەگرێت و باوەڕی بە بیرو بۆچوونەکەی هەیە.

-شێوازێکی هاندەر و نەرم بەکاربێنێت و زیادەرۆیی نەکات لە باسکردنی بیانووەکانی.

**د-گوێگری گوێ پێنەدەر:**

قسەکەر وا لە بەرامبەر بکات، کە گوێی لێ بگرێت و نابێت بێزاربێت لێی و لێبووردە بێت و ئەم هەنگاوانە بەکاربێنێت:

-خێرایی جۆراوجۆر و کاریگەر بەکاربێنێت لە قسە بە تایبەتی (٤٥) وشە لە خولەکێکدا.

-روونکردنەوەی روون و نوێ بەکاربێنێت.

-زانیاری نوێ بەکاربێنێت.

-نموونەی چیرۆکی بەکاربێنێت.

-باس لە گرنگی و نرخی بابەتەکەی بۆ بکات.

## ٣-ستراتیجییەتی گەیاندنی سیاسی کاریگەر:

(بیبی) پێی وایە ستراتیجییەتی گەیاندنی کاریگەر لەم هەنگاوانە دایە:

أ-جەختکردن لەسەر زانین:

بکەری سیاسی وەسفی هەستی خۆی دەکات لە بری هەڵسەنگاندنی بەرامبەر و کەسانی تر، واتە مرۆڤ خۆی وەسفی خۆی بکات و تێبینی و زانیاری دەربارەی خۆی بدات، لەبری گریمانەی نادروست دەربارەی خەڵك.

ب-جەخت لەسەر بابەت و باس بکە نەك لەسەر کەسی بەرامبەر:

نابێت باس و بابەت ببەسترێتەوە بەکەسەوە و هەوڵبدرێت کێشە چارەسەربکرێت، نەك هەوڵبدرێت بەسەر کەسی بەرامبەردا زاڵبین.

ج-رەسەنبین:

راستگۆبین لەگەڵ خۆمان، نەك لاساییکەرەوە و پاشکۆی کەسانی تر، تا پێمانبکرێت راستگۆ و ئازادبین و بە وردی مامەڵە بکەین.

د-کارلێککردن و ئاوێتەبوون:

لەگەڵ بەرامبەردا کارلێکبکەین و گرنگی پێبدەین و زیاتر لێی نزیکبینەوە، چونکە ئەگەر گرنگی بە بەرامبەر نەدەین بەرامبەریش گرنگیمان پێ نادات.

هـ-نەرمی نواندن:

هەوڵبدرێت گوێ لە بۆچوونی بەرامبەر بگیرێت و نەرم بین لەگەڵ بیروڕای جیاواز.

و-رێز لە خۆگرتن:

قسەکەر توندبێت بەرامبەر ماف و ئەرکی پێداویستی خۆی، چونکە رێز لەخۆنەگرتن وادەکات بەرامبەرەکەی مافەکانی پێشێلبکات و رێزی لێنەگرێت.

ز-هاوشانیکردن:

مرۆڤ لەکاتی قسەکردندا، خۆی هاوشان بکات لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا، نەك خۆی بەرزتر سەیربکات، تەنانەت ئەگەر لە راستیشدا وابوو.

لەهەمانکاتدا نابێت ئەوەش لەبیربکرێت، کە گرینگیدان بە هەست و سۆز، کاریگەری خۆی هەیە و سەرەتا کۆنترۆڵی هەستی بکەین لە رێگای دەنگ و چاو و دواتر ئەقڵی.

ح-بەپیرەوەهاتن و هاندان:

دان بە بوونی بەرامبەر دابنرێت و هانبدرێت، و قسەکەر خۆی وانیشانبدات، کە دان بە شارەزایی و لێهاتوویی بەرامبەر دابنێت و رێز لە بۆچوونەکانی بگرێت، تەنانەت ئەگەر لەگەڵی رێکیش نەبێت.

## ٤- زمانی سیاسەت:

زمانی سیاسەت بەرزترە لە زمانی ئاسایی لە رووی مەبەست و ئامانج، کە هەڵگری ئایدۆلۆجییایەکی تایبەت، سیاسەتێك، پلانی داهاتوو و ئایندە. پاساودۆزینەوە بۆ کردەیەك، وەڵامدانەوەی هەندێ رەخنە، رەخنەگرتن لە هەندێ لایەن...هتد. هەوڵدەدات رازیکردنی خەڵك بەدەستبێنێت، کە زمانێکی ستونی بەرزە و هەوڵدەدات ئەرك و یاسا بە بیر گەلەکەی بێنێتەوە.

زمان رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە گەشەی کۆمەڵایەتی، هەروەها بەشداری دەکات لە رەواپێدان بە سیستەمی سیاسی، سیاسەت بەوە ناسراوە، کە یاریکردنە بە وشە، چونکە وشە زۆر بە وردی بەکاردێنن لە چالاکییە قسەییەکاندا، زمانی سیاسەت لە چوارچێوەی ئەو زانیارییەی کە دەگوازێتەوە و ئەو ژینگەیەی کە گەیاندنی تیادا دێتە ئاراوە دەبێتە ئامرازێکی سیاسەت، زمان لە سیاسەتدا، ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانج و دەسەڵات وەرگرتن و رازیکردن... هتد.

زمانەوانی سیاسی یەکێکە لە لقەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی، کە جێگای تێبینی و بایەخێکی زۆرە لەم چەرخەدا، ئەم زانستە گرنگی دەدات بە لایەنەکانی گوتاری سیاسی و شارەزابوون لەسەر تایبەتمەندییەکانی ئەم زمانە و وەستان لەسەر بنەماکان و ئەو تایبەتمەندییانەی کە پشتیوانی گوتاری سیاسی دەکەن و گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لە شێوازی هاندان و وروژاندن...هتد. هەروەها زمانەوانی سیاسی باس لە هۆیەکانی کاریگەریکردنە سەر گوێگر دەکات لە ڕێگای زمان وەك: دووبارەبوونەوە، بەکارهێنانی هونەری هاندان، چۆن دروشم دروست دەکرێت و چۆن بیرۆکەکان دەشێوێنرێت لەگەڵ خستنەڕووی شێوازی تایبەت و کۆمەڵگا بەهەموو چین و توێژەکانییەوە لە یەك کۆمەڵگا.

## ٥- جیاوازی نێوان زمانی سیاسەت و زمانی ئاخاوتن:

ئەوەی دەمانەوێت بیخەینەڕوو جیاوازی نێوان زمانی سیاسەت و زمانی ئاخاوتنە تاکو زیاتر زمانی سیاسەت روونبکەینەوە:

أ-زمانی سیاسەت زمانی لایەنێکی دەسەڵاتدارە لەرووی سیاسی و پارتی و حکومەتەوە بەرامبەر لایەنێکی نزم، کە گەلە بەشێوەیەکی گشتی، زمانی ئاخاوتن زمانێکی ئاساییە مەبەست لەم زمانە دواندنی دەسەڵاتی سیاسی نییە بە شێوەیەکی راستەوخۆ، بەڵکو بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لە ڕێگای قسەکردن بۆ رۆژنامەیەك یان بۆ تەلەفیزیۆن دەتوانێ گوتاری سیاسی ئاراستەی دەسەڵات بکات.

ب-گوتاری سیاسی بنیاتێکی بتەوی هەیە و خاوەن ئایدۆلۆجیا و رەنگدانەوەی سیستەمی سیاسییە، کەچی زمانی ئاخاوتن زمانێکی سادە و ساکارە و بنیاتی تیۆری نییە و خاوەن ئایدۆلۆجیا نییە و گوزارشت لە داواکارییەکانی گەل دەکات.

ج-گوتاری سیاسی جۆرە ئالۆزییەکی تێدایە لە رووی دارشتنەوە، واتە بۆ مەبەستێك داڕژاوە، کەچی زمانی ئاخاوتن زمانێکی لەخۆوە و سادەیە.

د-زمانی سیاسەت بەشێوەیەکی سەرەکی ڕەوادانە بە کارەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە رابردوو و داهاتوو، کە جگە لە ئایدۆلۆجی لەنێوان بەڵێندان و ڕەخنە خۆی دەبینێتەوە، کەچی زمانی ئاخاوتن ئامانجی گرنگی دانە بە کێشەکان و زۆر گرنگی بە بەڵێن نادات.

ه-مەبەست لە زمانی سیاسەت ئاراستەکردنی ژێردەستەیە، بەڵام مەبەست لە زمانی ئاخاوتن پەیوەندیکردن و کارلێکردنە.

و-زمانی سیاسەت زمانێکی فەرمانکردنە واتە ستوونییە و زیاتر بۆ بیرهێنەوەی جەماوەرە بە ئەرکەکانی و خۆی وا نیشاندەدات چارەسەری کێشەکان دەکات و دەسەڵاتەکەی بشارێتەوە و زمانێکی نزم و بێدەسەڵاتە.

## ٦-گرنگی زمانی سیاسی:

گرنگی زمانی سیاسی لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەدیاردەکەوێت:

١-ناوەڕۆکی زمانی سیاسی بۆ ڕێژەیەکی زۆر لە تاکەکانی کۆمەڵگا گرنگە، بە تایبەتی ئەگەر بابەتی زمانی سیاسی لەسەر ئاشتی بوون بێت یان لەسەر جەنگ بێت یان ئاسایشی ئابووری بێت یان لەسەر گرفتی سنوورەکان بێت... هتد.

٢-گرنگی زمانی سیاسی لە گرنگی ئەو کەسانەدایە، کە قسەی پێدەکەن، بێگومان ئەوانیش نرخ لە پێگەی سیاسی خۆیان وەردەگرن.

٣- زمان بەشداری لە دروستکردنی شەرعییەتی سیستەمی سیاسی دەکات و شەرعییەت دەداتە یاسا و دەستوور و دیسان هەڵدەستێت بە داڕشتنی سیاسەتی دەوڵەت لە جەنگ و ئاشتی.

٤-زمانی سیاسی زمانی هێزە، زمانی بڕیار و دەسەڵات و یاسادانان و گفتوگۆ و دەنگ و باسە وروژێنەرەکانە، هەر بەم زمانەش بانگەواز بۆ جەنگ و ئاشتی دەکرێت.